


# ڕۆژی حەفتەم

ئازاد ئەرگۆشی
(پیرمام)

ئیمام و وتاربێژی مزگەوتی گەڕەکەکەمان، تا بڵێی پیاوێکی بەڕێز و سەرناس بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە خەڵکی گەڕەک بەسەری ئەو سوێندیان دەخوارد، مامۆستا شەش کوڕ و کچێکی هەبوو. تەنیا کێشەی ئەوەبوو کە لە بەرانبەر کچەکەی زۆر هەستیار بوو، تا ئەو ڕادەیەی کە جار جارە یەکێک لە براکانی لەگەڵی دەنارد بۆ قوتابخانە، بۆ ئەوەی کچە بالاپۆشەکەی پشتگوێ نەخات، ئیتر وای لێ هات خەڵکی گەڕەک بە یەکتریان دەگوت مامۆستا لە کچەکەی دڵپیسە!! سەرەڕای ئەو هەموو چاودێرییە، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی کوڕەکانی مامۆستا زۆر بایەخیان بەو بابەتە نەدەدا، ئەوەندە خوشکە تاقانەکەیان خۆش دەویست، هەرگیز ئامادە نەبوون بۆ شاردنەوەی دوو تاڵەموو دڵی بشکێنن. کاتێک لە کۆڵانەکەیان تێدەپەڕین، هەستیان دەکرد لە چاوی باوکیان دوورکەوتوونەتەوە، دەسماڵی خوشکەکەیان دەهێنایەوە ماڵەوە، کاتێک دەچوون بە شوێنیدا دەسماڵەکەیان بۆ دەبردەوە، ئیتر کچەکە بە بالاپۆشییەوە دەگەڕایەوە ماڵەوە.

ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت شێوەی بەستنی لەچک و بالاپۆشییەکەی سەرنجی مامۆستایان ڕاکێشا، بۆ یەکەم جار لە کچەکەی بەگومان کەوت، بۆیە بڕیاری دا بە دزییەوە چاودێری بکات. ئەو ڕۆژەی کوڕە بچووکەکەی لەگەڵ خوشکەکەی ڕۆیشتبوو، پێش ئەوەی بگەنە قوتابخانە، دەسماڵەکەی لە خوشکەکەی وەرگرت، خوشکی بێ لەچک خۆی بەناو قوتابخانەکەدا کرد. سەرەتا مامۆستا بیری کردەوە ڕەنگە لەبەر هەستناسکیی کوڕە بچووکەکەی بێت، لەبەر ئەو سۆز و خۆشەویستییەی لە

نێوانیاندا هەیە، نەیویستووە دڵی خوشکەکەی بڕەنجێنێت، بۆیە ویستی سەبارەت بەو ڕووداوە لەگەڵ کچەکەی قسە بکات، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. مامۆستا بە باشی زانی هەڵوێستی پێنج کوڕەکەی تریشی بەرانبەر بە حەزی خوشکەکەیان بزانێت، ئیتر مامۆستا بۆ ماوەیەک خەریکی چاودێریکردنی کچەکەی بوو. ئەوەی مامۆستا لە هەر پێنج کوڕەکەی تریشی بینی شۆکیان کرد!! ئەوەی بینی، بۆ ئەو جێگەی سەرسوڕمان بوو، بڕوای نەدەکرد، چونکە هەر پێنج کوڕەکەی تریشی هەر هەمان هەڵسوکەوتی برا بچووکەکەیان هەبوو. دۆخەکە ئاڵۆز بوو، سەری لە مامۆستا شێواندبوو، بە جۆرێک کە نەیتوانی سەبارەت بە ڕووداوەکە لەگەڵ کچەکەی قسە بکات. شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینی تا درەنگانی شەو خەوی لێ نەکەوت، چەند جار ویستی بڕوات شەش کوڕەکەی و کچە تاقانەکەی بانگ بکات و دەست بە سەرزەنشتیان بکات، ئەوجا بە توندترین شێوە سزایان بدات.

مامۆستا وەک نەریتی هەمیشەیی لە دەرکردنی هەر بڕیارێکی گرنگ، سەرەتا دەسنوێژێکی دەگرت. لەکاتی دەسنوێژگرتندا، لە ئاوێنەوە تەماشایەکی ڕوخساری خۆی کرد، کەمێک داما و بە گومانەوە دوو مستە ئاوی بە دەموچاویدا کرد. لەناکاو لە خۆی پرسی: ئەرێ تۆ ئەو هەموو ساڵە جەنابی ئیمام و خەتیبە بەناوبانگەکەی شار خەریکی چیت؟ لە دوای ئەو هەموو ساڵە خەریکی پەند و ئامۆژگاریدان بە خەڵک بووی، هەموو ڕۆژانی هەینی قوڕگی خۆت دەدڕێنی لەپێناوی چی؟ تەنانەت تۆ پێت نەکراوە قەناعەت بە منداڵەکانت بێنی، لە ئامۆژگارییەکانت دەرنەچن، بەتەمای ئەوەی خەڵک بەقسەت بکەن گەوجە، ئەم شەو تا بەیانی خەوی لێ نەکەوت.

تا بەیانی دوو سێ جار خێزانەکەی لێی قیت بووەوە و لێی پرسی: "خێرە پیاوەکە، چی ڕووی داوە، چیت بەسەرهاتووە، بۆ ئەوەندە نائارام و بێ ئۆقرە دیاری؟ شتێک ڕووی داوە کە من لێی ئاگادار نیم؟ پێم بڵێ دڵنیابە کارێکم لەدەست بێت، درێغی ناکەم." پیاوەکە ڕووخا و لە بەرانبەر خێزانەکەی کەوتە سەر ئەژنۆ!! بۆ یەکەم جاری بوو خێزانەکەی بەم شێوەیە پیاوەکەی بە بێدەسەڵات و لاواز دەبینی، هەرگیز فرمێسکەکانی پیاوەکەی نەبینیبوو، بۆ یەکەم جار فرمێسکەکانی پیاوەکەی سڕییەوە، مامۆستا خۆی خستە باوەشی خێزانەکەی و بە کوڵ و وەک سەردەمی منداڵی، دەستی بە گریان کرد ئەوەندە گریا تا خەوی لێ کەوت. لە خەونیدا بینی لەناو بازنەیەکی ئاگریندا، بە هەمان جلوبەرگی مەلایەتی خەریکی سەماکردنە، هەموو ئەندامەکانی ماڵەوەشی دەوری بازنە ئاگرینەکەیان داوە و چەپڵەیان لێ دەدا. دەسماڵەسوورەی کچەکەی، لەنێوان کوڕەکانیدا تا گەیشتە دایکیان دەستاودەستی پێ دەکرا، دایکیان سەرچۆپی شاییەکەی گرت و دەستی بە شایی کرد. زەماوەندی مامۆستا بوو!!! بەڵام ئەم جارە مامۆستا لە شاییەکە بەشدار نەبوو، ئەو لە ناوەندی بازنە ئاگرینەکەدا خەریکی سەماکردن بوو، مامۆستا هەموو گیانی شەڵاڵی ئارەقە بوو، سات بە سات خەریک بوو بازنە ئاگرینەکە تەسکتر دەبووەوە، ئەندامانی ماڵەوەشی لە شاییکردن بەردەوام بوون، بازنە ئاگرینەکە ئەوەندە تەسک بووەوە تا مامۆستا خۆی گڕی گرت. مامۆستا لە ترسان لە خەو بەئاگاهاتەوە، ژانەسەرێکی گرتبوو یا...ستار، خۆی لە باوەشی خێزانەکەی کێشایەوە، خێزانەکەی مامۆستای لە باوەش گرت

و گوتی:" بسمیلا، بسمیلا، خێره مامۆستا چی بووه ؟" مامۆستا به دەنگێکی خنکاو گوتی: "تینوومه تینوو خەریکه له تینووان دەخنکێم."

خێزانەکەی خێرا خۆی گەیانده ناندینەکە، به پەرداغه ئاوێکەوه گەڕایەوه لای پیاوەکەی، دوای خواردنەوەی ئاوەکە، مامۆستا کەمێک بەخۆ هاتەوه، لەسەر پێخەفەکەی دانیشت و به هەردوو دەست سەری گرتبوو، خێزانەکەی خێرا گەڕایەوه ناندینەکە و حەبێکی هێنا و دایه دەست هاوسەرەکەی، دوای ئەوەی حەبەکەی خوارد، هاوسەرەکەی به میهرەبانییەوه لێی پرسی: چیت لێ قەوماوه پیاوەکە؟

مامۆستا به بێدەنگی سەری بادا و ڕۆیشته دەرەوه، ئەو ڕۆژه بۆ یەکەم جار له ژیانیدا نوێژی بەیانیانی قەزا کردەوه، لەبەر گریان نوێژەکەی به شێواوی تەواوکرد، گریان مۆڵەتی نەدەدا، بەزەحمەت توانی دووەم نوێژی تەواو بکات، ئیتر ملی بەگریانەوه نا، دوای گریانێکی زۆر هەستی کرد بارێکی قورس لەسەر شانی نەماوه، له ناخەوه بڕیاری خۆی دا، بڕیاری لادانی گشت پەردەکانی ناو ژیانی، پەردەی نێوان خۆی و منداڵەکانی، خۆشحاڵ بوو بەوەی توانیویەتی ئەو بڕیاره بدا، ماوەیەک بەناو کتێبخانەی حوجرەکەیدا سووڕایەوه، پاشان وەک ئەوەی له شوێنێکی زۆر پیرۆز بڕواته دەرەوه بێ ئەوەی پشت له کتێبخانەکەی بکات، به هێمنی بەرەو دواوه کشایەوه، تا له حوجره ڕۆیشته دەرەوه و به ڕوویەکی خۆشەوه گەڕایەوه ماڵەوه. یەک ڕاست چووه سەر دۆڵابی جلەکانی، چاوی به کورتەک و شەرواڵی مرادخانی کەوت کە له ڕۆژی زەماوەندەکەی لەبەری کردبوو، وەک ئەوەی دەست له شتێکی پیرۆز بدات، به هێمنی هێنایه دەرەوه و لەسەر قەروێلەکەی دانا.

لەناکاو خێزانەکەی خۆی کرده ژوورەوه، کاتێک چاوی به جله کوردییەکەی مامۆستا کەوت، به سەرسوڕمانەوه گوتی: "خێره مامۆستا به نیازی سەفەری... ؟"

مامۆستا بۆ یەکەم جار له پێستی مەلایەتی خۆی دەردەچێت و به گاڵتەپێکردنەوه به خێزانەکەی دەڵێت: "خەمت نەبێ، بەتەمای هێنانی ژنێکی تر نیم."

خێزانەکەی به شەرمەوه گوتی: "حەدم چییه مامۆستا، له خەونانیش ئەوها بیر بکەمەوه، بەڵام ئەوه چەند ساڵه ئەو جلوبەرگانەت بەکار نەهێناون، خێره ئێستا دەتەوێ لەبەریان بکەی، ئەویش له ڕۆژی هەینی، ئەی نوێژەکەت، ئەی وتاری ڕۆژی هەینی؟"

مامۆستا گوتی: بۆ نابێ بەم جلانەوه نوێژ بکەم! چ عەیبیان هەیه؟

مامۆستا بێدەنگ بوو، وەک بڵێی چاوەڕێی وەڵامی پرسیارەکەی بکات، خەریکی پشکنینی جلەکان بوو، دەستی بۆ گیرفانی کورتەک و شەرواڵەکەی دەبرد، دەتگوت بەشوێن شتێکدا دەگەڕێت. کاتێک مامۆستا خێزانەکەی به بێدەنگی بینی، به دڵنیاییەوه گوتی:"خەمتان نەبێ نوێژەکه له شوێنی خۆیەتی، بەڵام بۆ وتاری ڕۆژی هەینی، ئەوەیانم به برادەرێک سپاردووه ئەرکەکه له جیاتی من بەجێ بگەیەنێ، پێم گوتووه باری تەندروستیم باش نییه، ئەویش قبووڵی کردووه."

منداڵانی مامۆستا سەیریان بەو هەموو گۆڕانکارییەی بەسەر باوکیاندا هاتبوو دەهات، بەتایبەتی کچەکەی، هەستی کرد تەنانەت شێوەی تەماشاکردنەکەی باوکیشی گۆڕاوه، وەک جاران چاوەکانی، له چاوی باوکی تێک گیردەبوون، هەستی به ترس و دڵەڕاوکێ و دەستەپاچەیی نەدەکرد!!! له خۆی دەپرسی

تۆبڵێی باوکی بە فێڵەکەیانی نەزانیبێت؟ لە ڕۆژی حەفتەمدا چاوەکانی باوکی لە ڕۆژانی پێشتر نەدەچوون، چاوەکانی ڕۆژانی ڕابووردووی باوکی، هەرگیز بەرگەی نافەرمانییان نەدەگرت، ماڵەوەی بەشێوەی باوکسالاری بەڕێوەدەبرد، کەس بۆی نەبوو لە فەرمانی دەربچێت، شوێنێک بۆ پرسیارکردن نەبوو تەنیا فەرمان بەسەردا کردن بوو، بەڵام لەو هەینییەدا چاوەکانی، چاوی ئیمپراتۆرێکی باڵادەست نەبوون، بەڵکوو چاوەکانی گوزارشت لە پیاوێکی شکستخواردوو دەکا، لەو شکستخواردنەدا شەرم دای گرتبوو، بە ئەستەم دەیتوانی وەک پێشان تەماشای نێوچاوانی ئەندامەکانی ماڵەوەی بکات.

تێڕوانینی هەر ئەندامێکی ماڵەوەی، دەیان پرسیاری بەدوایەوە بوو، بەڵام بڕیاری دابوو بێدەنگی بنوێنێت، ئەگەرچی بێدەنگی مامۆستا بەرانبەر بەو بارودۆخە نوێیەی ماڵەوەیان تێکەوتبوو ئەندامانی ماڵەوەی هەستیارتر دەکرد، خۆیشی ئەمەی باش دەزانی، بەڵام مامۆستا لە بینینی ئەو گۆڕانکارییەی لەناو ئەندامانی ماڵەوەی ڕووی داوە، جۆرە خۆشحاڵییەک هەست پێ دەکرا کە بەدەگمەن لە ژیانی هاوسەرگیریدا لەگەڵ خێزانەکەی بەدی دەکرا، تەنانەت لەکاتی لە دایکبوونی منداڵەکانیدا، لە دووەم ڕۆژی لەدیکبوونی منداڵەکانی دەچووە ژووری خێزانەکەی و بە دەنگێکی وشک و بێ هەست و خوست دەیگوت :"پێ و قەدەمی خێر بێت."، پاشان منداڵەکەی لە باوەش دەگرت و لە گوێی منداڵەکەدا بانگی دەدا، دواتر منداڵەکەی دەگەڕاندەوە باوەشی دایکی، ئەوجا داوای لە دایکی منداڵەکە دەکرد مەمکی خۆی بخاتە دەمی منداڵەکە، کاتێک منداڵەکە خەریکی شێرخواردن دەبوو، مامۆستا دەستی بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێک لە قورئان دەکرد، لە کۆتاییدا فوویەکی لەدەموچاوی منداڵەکەی دەکرد، بەبێ ئەوەی سەرنجێک بداتە هاوسەرەکەی دەڕۆیشتە دەرەوە، ئەوە ڕەفتاری مامۆستا بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی لەکاتی لەدایکبوونی منداڵەکانی.

مامۆستا تا منداڵەکانی تەمەنیان نەدەگەیشتبا دوو ساڵ لەباوەشیانی نەدەگرت، بەڵام کاتێک لە دوای لەدایکبوونی شەش کوڕەکەی، کچەکەی لەدایک بوو، ئەوە ڕۆژە بۆ یەکەم جار مامۆستا چەپکەگوڵێکی پێشکەش بە خێزانەکەی کرد و دوای ماچکردنی خێزانەکەی گوتی: "پیرۆزباییت لێ دەکەم ماڵی منت ڕووناک کردەوە."

هەر لەسەرەتاوە مامۆستا زۆر بەرانبەر بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی کچەکەی هەستیار بوو، بەردەوام ئامۆژگاری دەدایە براکانی و دەیگوت: "خوشکەکەتان تاقانەیە، چاوتان لێ بێت."

ئیتر تا ئەو ڕۆژەی پەردە لەسەر ڕاستییەکان لادرا، مامۆستا دوای ئەو هەموو ساڵە بینی ئەندامەکانی ماڵەوەی دوور لەچاوی ئەو چ ژیانێکی شاراوەیان هەیە، ئەوەبوو مامۆستای لە ناوەوە ڕووخاند، بەو هۆیەوە لە بورجی عاج هاتە خوارەوە و بڕیاری دا دابەزێتە ناو خانەوادەکەی، لەو ماوەیەدا یەک شت هەبوو کە نەیتوانی گومانی لێ بکات، ئەویش خۆشەویستی کوڕەکانی بوو بۆ خوشکەکەیان، ئەمە جێگەی دڵخۆشی مامۆستا بوو. ئەو ڕۆژە مامۆستا جلوبەرگی مەلایەتی خۆی لەسەر جلوبەرگی زاوایی لەبەرکرد و مێزەرەکەی لەسەر نا و ڕۆیشتە نوێژی هەینی، بەڵام لە ڕیزی هەرە دواوە نوێژەکەی کرد، پاشان لەبەر چاوی ئامادەبوواندا جلوبەرگی مەلایەتی داکەند و لەگەڵ مێزەرەکەی لەناو کیسەیەکی نایلۆن

نـا، بـە کورتـەک و شـەرواڵی مرادخانـی گەڕایـەوە ماڵــەوە.

ئامادەبــووان بــە سەرســوڕمانەوە تەماشــای مامۆســتایان دەکــرد، هەموویــان لــە ناخــەوە نیگەرانــی مامۆســتا بــوون، تەنیــا یــەک کــەس نەبێــت، ئەویــش برادەرەکــەی بــوو، کــە ڕای سـپاردبوو لەجیاتــی ئــەو ببێــت بــە ئیمــام و خەتیبـی مزگەوتەکـە، هەڵبـەت بۆ ئەو، دوو شـەش بـوو، چونکـە هەمیشـە بیـری لـەوە دەکـردەوە و دەیگـوت تـۆ بڵێـی ڕۆژێـک بێـت مـن بچمـە شـوێنی مامۆسـتا، بـە ڕۆیشـتنی مامۆسـتا ڕکابـەری نەمـا، چونکـە چیتــر مامۆســتا وەک ئیمــام و وتاربێــژ نەگەڕایــەوە مزگەوتەکــە.

لــە دوای ڕۆیشــتنی مامۆســتا، دەمــی خەڵــک کرایــەوە و هــەر کــەس لــەلای خۆیــەوە بــوو بــە دادوەر و دەســتیان بــە دادگاییکردنــی مامۆســتا کــرد، مامۆســتاش بەبــێ بایەخــدان بــەو دادوەرانــە، بــە خۆشــحاڵییەوە گەڕایــەوە ماڵــەوە و کیســەی جلوبەرگــی مەلایەتــی دایــە دەســت خێزانەکـەی و پێـی گـوت: وەرە ئافـرەت ئەمانـە ببــە ژێرزەمینەکــە، لەنــاو ســندووقەکەی باپیــرم داینــێ، خۆشــتان ئامادەبکــەن دوای نانخواردنــی نیــوەڕۆ دەڕۆینــە ســەفەرێک!! بــۆ یەکــەم جــار زەردەخەنەیەکــی ڕاســتەقینە هاتــە ســەر لێــوی هەمـوو ئەندامانـی ماڵـەوەی!! لەنێـوان کشـوماتیی ئەندامەکانـی ماڵـەوەی، مامۆسـتا بـە پێکەنینـەوە تەماشـایەکی کچەکـەی کـرد و گوتـی: "بـەڵام هـەر کـەس وەک خـۆی بابێتــە دەرەوە!!"

٢٠٢٣/٩/٢٢